# نامەیەکی نیهێنی

کاوێزمەلاپەروێز

نامەیەکی نهێنی بۆ براکەم لە هەندەران زۆر نهێنی بۆ ئەوەی کەس پێ ی نەزانێ !

براکەم نەکەی بێژی سەدامی زاڵم رۆخیاوە ئیدی دەچمەوە وولات، دەرفەت مەدە دلی پر تاسەی غەریبیت خوتورەت بدات بۆ گەرانەوە، من دەزانم دلی تۆ چەند تامەزرۆیە بۆ گەرانەوە دەزانم چەند مەیلت لێە بێتەوە ئەوەی فێر بووی لە وێ لێرە بۆ خزمەتی ئەم نیشتمانە بە کاری بەرێت نیشتمانێك بەمن وتۆ نامۆ؟نیشتمانێك لێمان داگیر کراوە و وابەسانەبی ناماندەنەوە، من ئاگام لە نیازمەندی تۆ وزۆری وەکو تۆ هەیە کە دیاری گەرانەوەتان بۆ وولات خزمەتکردن بێت بەلأم کێ، کەس هەیە ئەو دیاریەتان لێوەرگرێ؟

براکەم نەکەی بێژی تەلأری غەریبی لەگەل تەلأری دەسەلاتی سەدام وە کۆتا هات بیر لە هاتنەوە نەکەی!بۆ سەر نیشتمانێك کە سەرکردەکان بۆ خۆیان پاوەنیان کردوە، لێرە برا، بەرپرسی فێلباز، ئیدارەی خەلك دەگێرێن، نیشتمانێك بەدرێژایی مێژوو بە دەستی چەورو ستەمی دووژمنانەوە دەتلێتەوە، نیشتمانێك ئازیزو پیرۆز بەلأم قەدەری ئێمە وایە لەم نیشتمانە وەکو ئەو مریشکە وایە ریقنەی بۆ ئێمەیەبێت، هێلکەی بۆ خەلك، نەکەی بێتەوە من دەزانم دووری وغەیبی لە نیشتمان گەلەك چاترە لە دەردی ئەوەی وەبەر دیەکانتەوە خەلکی بێ باوەر، نەفس نزم پیرۆزی نیشتمانیك سەراپا لەبرین دەکولیننەوە، نیشتمانێك بەبەرچاوی هاولأتیانیەوە ئاودیو دەکرێت؟

برای غەریبم لەوێ بمێنە هەرچۆنێك بووە. . نابینی دام ودەزگای سەرکوتکەر، دەزگای بەتالأنبردنی گیرفانی هەژاران، یاسای سواوی بەعس، بە گفتی من بکە ئارامتر یاساغ وسەنگین تر لیرە دەگوزرێنی، لێرە رات نیە وەکو ئەوە وابێت مرۆڤ نەبی، هەرنەبێ لەوێ رایەکت هەیە وەکو مرۆڤ؟!

دەسەلأت لێرە لەهەولی ئەوەدایە کەسایەتی مرۆڤەکان بەشێوێنی بەو شێوەیە کەخۆی گەرەکیەتی، واتە کەسایەتیەکی ترسنۆك، دەروونێکی نەخۆش بۆگۆمەڵگا بەرهەم بێنێ لەم هەزارەیە؟

براکەم وولأتێك لە چاوی مندالی شەهیدەوە، مندالانی بێ دایك و باب لێبروانە دەزانی چەند مەینەت بارو کاراساتاویە چەند پێویستی بەخزمەت و ناز کێشانە لێ دەسەلات باوکانیان بەکوشتدا، دایکانیان رەشپۆش کرد ئیستاش دەلێن:

ئێمە ئێراقیەکی بەئەمەك دەبین بۆ پاراستنی یەك پارچەیی خاکی ئێراق. بۆیە دەزانم دلی پر لە حەسرەت وتاسەی تۆ بۆ ئەم نیشتمانە بەرگەی ئەو ناهەموواریانە ناگرێ، من سەرپشکت دەکەم لەهەڵبژاردنی وولأتێك کە نە هی تۆیە نەش ویستی تۆبوە بۆ تۆ باشترە هاوولأتیەکی نیشتمانێکی ئەوروپی بی لەوەی هاوولاتیەکی زوولم لێکراوی ئێراق بی؟

بمێنەوە هەر نەبێ دەتوانی ئەم نارەوایتیە بەگەلانی دونیا بگەینی، هەرنەبێ کەسێك دەسەلاتێك گوێ لەداخوازیەکانت دەگرێ، هەرنەبێ سوودمەند دەبی لە مافەکانی مرۆڤ، هەر نەبێ تێر دیەکانت جوانی سروشت دەبینی، بەهەر حال برای دوورە وولأتم (ئەو

**وولاتەی کە دەیانەوێ موزیایەدەی بکەن، ئارام بگرە بەرئەنجامی ئەو تێکۆشانەشمان بینی کەسالآنێکی درێژە زۆرێک لە خەلکی ئەم نیشتمانە بۆ سەر فرازی گیانیان کردە قوربانی نەوەکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خاکی عەرەب ویەکپارچەیی ئێراق !**

**لە دوماهیدا برای شرین نەیەژی ئەو برایەم چەند بار گۆراوە بە روومدا نەدەی کە من ئاستەنگی سەفەرکردنی تۆ بووم لەم وولآتە.**

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.